# هەڵکشانی ژنێک بەباڵای نەمریدا



## خاتوو عایشە ڕەسووڵ

سەرچاوە
Serchawe

## یادێ یەکساڵە

بەرێزان چوار رۆژی تر لە ٧ - ٦ - ٢٠٢٠ سالرۆژی مالئاوایی هەڤالی تێکۆشەرو ناسک وکۆلنەدەر عایشە رەسولە کە بە درێژایی تەمەنی بەخشندە بووە بێ ئەوەی چاوی تەنانەت لەدەسخۆشیەک کردبێ، چونکە ئەو بروای تەواوی بە مەسەلەکانی ژن و بەو تێکۆشانە هەبووکە بۆ خاک و گەل و نیشتمانەکەیەتی وخۆی خاوەن مالە بۆیە چاوەرێی کەسی نەکردوە بلێ سوپاس بەلکو خۆی سوپاسی هەڤالانی کردوەو هانی داون بەو پەری راستگۆییەوە بەردەوام بن لە خەبات



خاتو عایشە لەرووی کۆمەلایەتیشەوە زۆر رووخۆش و دەنگخۆش وسادەو ساکار بوو، بۆتەنیا جارێکیش دلی کەسی نەرەنجان، خاوەن زمانێکی کۆکەرەوە بوو نهێنی پارێز بوو، بۆ جارێکیش زمان بەدی لە نێوان دوو کەسا نەکرد و جێی متمانەی هەمومان بوو.

بەرێزان رۆحی عایشە خان بە قەدەر هەموو جوانیەکان جوان بوو بۆیە ئیتر نازانم چی بنوسم

تەوار (Tawar)

٤ - ٦ - ٢٠٢٠




سەرچاوە
Serchawe

## چراکانی نیشتمان

کوردە قەت نەنووی بەلایەی دوژمنی عەیارەوە
شیری دوژمن تێکەڵە حەتمەن بەژاری مارەوە
رەنگ نەکەی داوێنی نامووست بە لەکەی عارەوە
نیشتمانت دایکتە نەیدەی بەدەست ئەغیارەوە

(ئەحمەد موفتی زادە)

## عایشە رەسوڵ: تەوارێک لە لوتکەدا!





### خەلیل عەبدوڵڵا (Xalel Abdula)

عایشە رەسوڵ ژنێکی ناودارو خەباتگێڕی کوردستان بوو، ئەو خەباتی نیشتمانیو ژنانی ئاوێزانی یەک کردو هەموو ژیانی خۆی بەو خەباتە ئاوێتەیە بەخشیو شوێن پەنجەی دیارەو وەک سیمبولێکی بەرزی تێکۆشان لەدەرگایەکی گەورەوە چووە نێو مێژووی نوێی کوردستانەوە.

ئەو بەهێمنیو بێدەنگیو دوور لە رۆشنایی میدیاو خۆدەرخستن خزمەتی کرد، کەم دواو کاری زۆری کرد.

عائیشه رەسوڵ ئیبراهیم، ساڵی ١٩٤٦ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایک بووە.

لەئامێزی خانەوادەیەکی ناسراوو کوردپەروەر گۆشو پەروەردە بوو.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کرد. ئیدی لەخوێندن دابڕاو وەک کچی گەورەی ماڵ خۆی بۆ کاروباری ماڵو خزمەتکردنی خانەوادەکەی تەرخانکرد.

عایيشه هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، هەستی بەئازارو چەوسانەوەی گەلەکەی کرد.هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لەدەروازەیەکەوە خزمەتی گەلو نیشتمانەکەی بکات. ئیدی لەرێی بەهییە مەعرووفو ئەنجوم زوهدییەوە، دەرگای تێکۆشانی بۆ واڵا بوو. ساڵی ١٩٥٩ لەرێی ئەو دوو ژنە ناودارەوە، پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە کرد، هەردوو خەباتی سیاسیو پیشەیی ئاوێزانی یەک کردو لەهەردوو بوارەکەدا کەوتە تێکۆشانێکی سەختەوە، ماڵەکەیان بووە مەڵبەندی تیکۆشانی فەرهەنگیو سیاسیو پیشەیی، لەو ناوەندەدا عایيشه رۆڵی دیاری لەسەر هەموو ئەو ئاستانە بینیو خۆیو هاورێکانی توانیان بازنەی پەیوەندییەکان فراوانو پێگەی جەماوەری بەهێز بکەن. بەکارو چالاکییەکانیان ئەو راستییەیان سەلماند کە ژنان هاوشانی پیاوان، دەتوانن رۆڵی شایستەو پێشەنگ بگێڕن.

ئەو لەکاری رێکخراوەیی نهێنی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٤، ئیدی لەو ساڵەدا لەگەڵ ژنانی هاورێی چووە شاخو وەک پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردو بەدڵسۆزی ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ کرد.

دوای شکستی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥، عایيشه گەڕایەوە شاری سلێمانی. ئیدی لەدوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کورستان، پەیوەندی بەرێکخستنە نهێنیەکانی ئەو حزبەوە کردووەو لەخەباتی نهێنیدا رۆڵی دیاری خۆی بینیو تا راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لەکایەی خەبات بەردەوام بوو.

دوای راپەڕین قۆناغێکی نوێی خەباتی ئاشکرای مەدەنیو جەماوەری دەستی پێکرد، ئەو لە هەردوو مەیدانی خەباتی حزبیو پیشەیی خزمەتی کرد. لەسەر هەردوو ئاست پێشکەوت، لەئاستی حزبی بووە ئەندامی کۆمیتەو لە ژیانی پیشەییش بەهەڵبژاردن بووە بەئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ژنانی کوردستان، ئەو لەهەردوو کایەدا بایەخی بەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریو رۆشنبیری ئەندامانو بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو هاوکاری هەژارانو خوێندکارانو ژنان داو بەهێمنیو بێدەنگی خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردو پەیوەندییەکی بەرینی جەماوەری دروستکرد.

پاش زیاتر لەنیو سەدە خەباتو تێکۆشانی سیاسیو فەرهەنگیو پیشەیی، رۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٩، عایيشە رەسوڵ خەباتگێڕی ناودار، بۆ دوا جار چاوەکانی لێکناو چووە ریزی سەروەرانی نیشتمانەوەو لە گۆرستانی (شێخ فەتاح)ی شاری سلێمانی لەرێورەسمێکی میللیو رەسمیدا بەخاک سپێردرا.

دروودی رێزو وەفاو ئەمەكداری بۆ گیان پاکی عایيشە رەسوڵ، ئەو ژنەی هەموو ژیانی خۆی بۆ خەباتی نیشتمانیو پیشە یی تەرخانکردو بەهێمنو بێدەنگی خزمەتێکی زۆری کردو مێژوویەکی جوانی پڕ شانازی تۆمار کرد.

تەوار (Tawar)

٧ - ٦ - ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

## كنێر عەبدولا



ئەمرۆ، لە سالیادی تـۆدا......... بە بێدەنگییەکەت خەمەکانی دونیـات پەردەپۆش کردبوو، بە هێمنییەکەت بە هەموانت ئەوت ژیـان هێنـدە ناهێنێت مرۆڤەکـان بەیەکدا بـدەن و دەرئەنجـام هەمـوو ئـازار بچێـژن و زەرەرمەنـد بـن، بە سـادەیی و نەرمونیـانی مامەلەکردنـت لەگەڵ دەوروبەردا پەیـامی ئەوەت بە مرۆڤەکـان ئەدا کە هـیچ جیـاوازییەک نیـیە لە نێـوان مرۆڤەکاندا ژن بێ یان پیاو، دەولەمەند یان هەژار، بنەماله بیت یان نا، پلەوپـایەدار بیت یـان هـاولاتییەکی ئـاسایی، بە بەخشندەیشت دەتـووت: چـاوەڕوانی بەرامبەر مەکەنەوە، چیت پـێ ئەکرێت بـۆ خزمەتـی نیشـتمان و بەرژەوەنـدی گشـتی و خۆشەویسـتانت کـات بەفیـرۆ مەدەن و بیکەن، چـونکە مـرۆڤ نازانێت کەی مـردن دەکەوێتە ویـزەی ژیـانی و بە بـێ رۆحـی جەستەی دەمێنێتەوە و لەگەڵ خۆشیدا چەندین چیرۆکی شاراوەو نهێنـی بە ئـازارو مێژووی باسنەکراو دەبـاتە گۆڕەکەی و لە خاکدا حەشـاری دەدات. هەمیشـە بە دلخۆشییەکانی بەرامبەر دلخـۆش دەبویت و بە ووشـەو زەردەخەنەیەکەوە دەستخۆشـی و پیرۆزباییت دەکرد. ئیتر تۆ شێوازی خـۆت و دەربرینـی خـۆت و کەسایەتییەکی تـایبەت بەخۆتت هەبـوو. کە ئەگەری هەبـوە تەنـانەت هەنـدێ لە کەسـە نزیکەکانیشـت بە دەگـمەن پێـت ئاشـنا بـوو بـن. بەلام بەداخەوە لەناکـاو رۆشـتیت و هەمـوو شتەکانیشت لەگەڵ خۆت برد.

رۆحت شاد عایشە رەسول..

تەوار (Tawar)

٧ - ٦ - ٢٠٢٠

## خاتو عایشە عبدالحکیم بۆساڵیادی هاوڕێی ئایشەخان دەڵێت:



ساڵێک بەر لە ئیستا ولە رۆژێکی وەک ئەمڕودا هەواڵێکی دڵتەزێنم پێ گەیشت ئەویش ماڵئاوای کردنی هاوڕێ و هاوپیشە مان عائشە خان بوو کەئەو هەواڵە کاریگەریەی زۆر تێکردم جونکە عائشە خان کەسێکی دڵسۆزو خۆشەویست وخەبات گێرو تێکۆشەرو بەویژدان وڕەنج دەروماندونەناس وکوردپەروەربوو لەشۆرشی ئەیلول پێشمەرگە ئاسا لەناوپێشمەرگەو ئاوارەیدا بەردەوامبوو لەخەبات کۆڵنەدەرانە دوای لەناو یەکێتی بەردەوام بوو لەخەبات ودڵسۆزی ڕێبازەکەبوو

ئێمە دەزانین لە دەست دانی کەسانی ئازێز برینێکە وسارێژ بوونی گرانەبێگومان عائشە خانیش کەسێکە لەوکەسانە هیج کات لەیاد ناجێت وبەقسە خۆشەکانی وکەس یەتیە سەرکەوتو وبەهیزەکەی هەمیشە هاوخەمی هاوپیشە وهاوڕێ کانی بوو عائشە خان ژنێکی پڕ بولەناخ جوانی ومیهرەبانی وخۆشەویستی ودڵسۆزی بۆ هاوکارانی و کەسانی تر هە میشە گیانی یارمەتی دان وهاوکاری کردنی کەسانی دەورو بشتی هەبوو لەجێبە جی کردنی ئەوپرۆژانەی بەباشی دەزانی وبۆڕا پەراندن ودابینکردنی پێ ویستیە کانی ژیانی هاورێکانی.

خوای گەورەلێت خۆشبێت وجێگەو مەنزڵگەت بەهەشت بێت و کاروکردەوە جاکەکانت ببێت بەتێشوی بەهەشت.

تەوار (Tawar)

٧ - ٦ - ٢٠٢٠

## بەڕێز خاتو کافیه سلێمان سکرتێری یەکیتی ژنانی کوردستان



بەداخەوە ساڵێک تێدەپەڕێ بەسەر کۆچی دوایی خاتونێکی تێکۆشەرو ماندو نەناسی شاری سلێمانی وئەندامێکی سکرتاریاتی یەکیتی ژنانی کوردستان خاتو عایشە ڕەسوڵ کەلەشەوی ٦ - ٧ - ٢٠٢٠ کۆچی دواییکرد و لەبەر پەتای کۆرۆناو پابەند بونمان بەڕێنماییەکانی خۆپاراستن ناتوانین هیچ مەراسیمو گرد بونەوەیەک سازکەین.

بەڕێز خاتو کافیه سلێمان سکرتێری یەکیتی ژنانی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی کۆچی خاتو عایشە لەنوسینێکیدا پەیامێک ئاڕاستەی سکرتاریەتی یەکیتی ژنانو هەڤاڵانی خاتو عایشە دەکات و دەڵێت:

بەرێزان چوار رۆژی تر لە ٦ - ٧ - ٢٠٢٠ سالرۆژی مالئاوایی هەڤالی تێکۆشەرو ناسک وکۆلنەدەر عایشە رەسولە کە بە درێژایی تەمەنی بەخشندە بووە بێ ئەوەی چاوی تەنانەت لەدەسخۆشیەک کردبێ ، چونکە ئەو بروای تەواوی بە مەسەلەکانی ژن و بەو تێکۆشانە هەبوەکە بۆ خاک و گەل و نیشتمانەکەیەتی وخۆی خاوەن مالە بۆیە چاوەرێی کەسی نەکردوە بلێ سوپاس بەلکو خۆی سوپاسی هەڤالانی کردوەو هانی داون بەو پەری راستگۆییەوە بەردەوام بن لە خەبات

خاتو عایشە لەرووی کۆمەلایەتیشەوە زۆر رووخۆش و دەنگخۆش وسادەو ساکار بوو ، بۆتەنیا جارێکیش دلی کەسی نەرەنجان ، خاوەن زمانێکی کۆکەرەوە بوو نهێنی پارێز بوو، بۆ جارێکیش زمان بەدی لە نێوان دوو کەسا نەکرد و جێی متمانەی هەمومان بوو

بەرێزان رۆحی عایشە خان بە قەدەر هەموو جوانیەکان جوان بوو بۆیە ئیتر نازانم چی بنوسم

تەوار (Tawar)

٤ - ٦ - ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

## لەساڵیادی هاوڕێیرێگای خەباتو تێکۆشاندا خاتو عایشە.



**جەمیلە سابیر**

هاوڕێم زۆر بەداخەوەواساڵێک تێپەڕی بەسەرکۆچ وماڵئاوایی هەتا هەتایتدا،نازانمچۆن باسی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە ناوەخەتە ی تۆ بکەم ،کەهەمیشە پێکەوە بوین.لەدڵەوە بۆت ئەکوڵێم بۆت ناگریم جونکە تۆ زۆر بەهێزبوی تەنیا مردن توانی زەفەرت پیببا.هەمیشە لەپێناو کۆمەڵێک هیواو ئامانجدادەژیایی وخەباتت ئەکرد هەمیشە ئەتوت ئەگەر مرۆڤ هیوایەکی نەبێ بۆچی بژی ئەو هیوایەش پێویستی بەهەوڵو خەباتە سەربەستیو ئازای کوردستان هەمو هیواو ئامانجی تۆبو. ماڵئاواییت لێکردینو ئێمەت بەجێهێشت دڵنیابە هاوڕێم ڕێگاکەت بەرنادام تامنیش دوا ماڵئاوایی ئەکەم لەژیان...... گیانت ئارام بنو خاتونە مرۆڤ دۆستو میهرەبانو بەخشەندەکە..ڕۆحت شادو جێگەت بەهەشتبێ

**هاوڕێت جەمیلە سابیر**

**تەوار (Tawar)**

**٧ - ٦ - ٢٠٢٠**

## خاتو نوخشە فەتاح بۆساڵیادی کۆچی دوایی خاتو عایشە ڕەسوڵ دەڵێ:



یادت بە خێر هاوڕێ گیان

ژنێک پڕاوپڕ لە خۆشەویستی و دڵسۆزی، مرۆڤدۆستی و میهرەبانی....

هاوڕێ گیان، من زۆر زوو لە منداڵیمەوە ئەمزانی کە تۆ خەمی خاک و نیشتیمانت لەکۆڵ ناوە، خۆت و خانەوادە تێکۆشەرەکەت هەمیشە لە خەمی رزگارکردنی میللەتدا بوون.

ئەمزانی لە خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی دا زۆر کاری قورست ئەنجام داوە. بۆ پشتیوانی و هاوکاری شۆڕش و بۆ راپەڕاندنی کاری نهێنی چەندین جار ناچاربوویت بە پۆشینی پەچە و گەیەنەری شار و شاخ بویت لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا شۆڕشی نوێ و تا دواهەناسەت خەباتگێڕ بویت.

لەگەڵ ئەوەی تەواوی ژیانی خۆت لە خزمەتی کاروانی خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی ئەم وڵاتەدا بەختکرد، نەمبیست رۆژێک بێزاری و گلەی و گازەندەت هەبێت سەرەڕای ناساغیت هەر کۆڵنەدەر بویت هاورێ گیان.

هەرگیز بیرم ناچێت کە کۆتایی هەفتە و دوارۆژی دەوام بوو رۆژی عارفە، نەمدەزانی کۆتا دیداری تۆیە و دوا جەژنە و بە

یەکجاری ماڵئاوایمان لێدەکەیت.

بیرمە هەر ئەو رۆژەبوو لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت (ی.ژ.ک) سەرقاڵ بویت و لە هەوڵی کۆکردنەوەی هاوکاریدا بویت بۆ خوەندکاران و منداڵی نەدار، دەتگوت "یەک دوو رۆژی تر جەژنە چەندین خێزان هەن پێویستیان بە هاوکاری ئێمە هەیە".

دوا پەیڤت لێبوردن بوو کە رەنگە بەیانی نەتوانم بگەمە مەزاری مامی گەورەمان بۆ پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی حیزبەکەمان.

زۆر بێهێز و شەکەت دیاربووی، من و هاورێکانم پیرۆزبایی جەژن و یادی (ی.ن.ک) مان لێکردیت و دوامالئاوایت لێکردین، نەمان دەزانی ماڵئاوای یەکجاریتە. دوا ماڵئاوایت لەبەردەم ماڵەکەی خۆتداکرد...

ئەو رۆژە رۆژی پێنج شەممە بوو زۆر باش لە یادمە، مەخابن پێنج شەممەی دواتر هەواڵی مەرگت هەموانی تاساند. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە رۆژانێک تۆم ناسیوە و هاورێ و هاوسێ و هاوخەبات بوین.

بنو هاورێ گیان ئارام بنو ئاسودەبە، یادی کۆچت بەخێر هاورێ، تا دوا هەناسەت دەروێشێکی بێ ئێرک و خەوشی (ی.ن.ک) و ( ی.ژ.ک ) بویت. سۆفیەکی میهرەبان و دڵسافی بارەگای یەزدانیت، هاورێیەکی بە ئەمەک و دلسۆز و جێی متمانەی هەموان بویت.

تەوار (Tawar)

٦ - ٦ - ٢٠٢٠

--------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بەبۆنەی یادی کۆچی دوایی خاتو عایشە ڕەسوڵ خاتو گوڵزار نەقشبەندی دەڵێ:



**هاوڕێ ئازیزم.. خاتوو عایشە**

سالیک تیپەری بەسەر کۆچت... سالیک تیپەری نەمانبینیت... جیگات زور دیارە نیوانمان.. هەمیشە یادت بەخیر دەکەین، مروڤێک بوی پراوپر لی میهرەبانە لە دڵسوزی لە ریز واحترام بو هەموو دەوروبەرت.. هەر تۆی ناسیبی بو رۆژکیش بێت باسی کردوە کە چون مرۆڤێک بوی.. لەو رۆژە رویشتی هیج کەسێک لە شوینت دانەنیشتوە، هەمیشە

هەڵسوکەوتت نمونەی کەسایەتیت بوو..

یاخوا کوررت پڕ نور بێت .. هەرگیز لە یادمان ناچێ ئازیزترین هاوڕێ و خوشک .. سڵاو لە روحی پاک و جوانت ئەی خاتونی پڕ لە هەمو ووشەیەکی جوان..

روحت شاد و ئاسودە..

تەوار (Tawar)

٧ - ٦ - ٢٠٢٠

## ڕوناک ڕەسووڵ (Ruonak Rusuol)




سبەی ٦ - ٦ - ٢٠٢٠ ساڵێک تیپەر دەبێت بە سەر کۆچی اتەی خوشکم سۆمای چاوم و روشنکەرەوەی ژیانم و خەمخوری کوردایەتی و بزوتنەوەی ژنان ساڵێکە مالت چولکردوە کوچەو شەقامەکان سیماو بونی توی پێوە دیارە ساڵێکە هاوڕێان هەوالت دەپرسن و دهڵێم کۆچی کردوە فرمیسک لە چاویان دا قەتیسم دەبینری وخەمت بۆ دەخون ئاخ وشەی کۆچ زۆر ئەستەمە کە خۆشەویستیکت کۆچ دەکات بەڵام کۆچت نەکردوە راستە بە جەستە لە ناومان دا نێت بەڵام بە روح و دڵ لە هەست و نەستمدای خاوەنی هەموو خەسلەتیکی مرۆڤایەتی بەرزو جوان بوی لە رۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی لیواو لیو لە میهرەبانی و بەخشندەی بویت تا دوا ساتی ژیانمان بویتە تاجی سەرمان و شانازیت پێوە دەکەین چونکە بە سەربەرزی ژیایت و بە سەربەرزی کۆچت کرد و هەمیشە لای ئێمە نەمری ئازیزەکەم کۆچەکەت زامێکی قولە و برینمان ساریش نابێت هەر شوێنیک دەروم بون و یادەوەری توی لێ دیت لە یادم دەتکوت ئەوەندەی دەردی کوردایەتیم چێشت ئەوەندە خۆشی ژیانم نەچێشت دیار بوو ئەم ئازارەت زۆر بوو سەد مخابن کۆچەکەت کورت بو ئاواتەکانت نەهاتە دی بە تەنها رویشتیت و خەم و پەژارەت بۆ ئازێزان جیهیشت دەڵێم ئەمە خەون بوو خەون نازدارەکەم ئەی لەم ئازارو زورە تالە بەر لەوەی بتبینم بەر لەوەی وەک جاران کویم بۆ شل کەیت هەمو هەینیک دیمە سەر کلکوی پیرۆز و بە تاسەوە بە چاوی پڕ لە فرمیسک بە گەرمی لە ئامیزت دەکرم بە قولبی کریانەوە ئازاری پەنکخواردوی دڵ و دەرونمت بۆ هەڵدەکری دەڵێن کاتێک دهچیتە سەر مەزاری ئازیزت روحی لاتەو دەزانی جی دەڵی وهڵامم بدەرەوە سەد مخابن وەڵامت نیە. دڵسوزەکەم لە دوا. وتەم دا لە جیاتی چەڵکی کوڵی بوندارو رەنگاورەنگ سۆز و خوشەویستی و وەفاداری دوپات دەکەمەوە لە یادم ناچیت بۆ تۆی ئازێزم

لە دوا وتەم داهەر چیک بنوسم لە ئاست گەورەی و بەخشندەی و میهرەبانی تۆدا کەمە مال ئاوا اتەی خۆشەویست و بیدەنەکەکەم ئوخرت خیر بێت روحت ئاسودە و ئارام بیت ماڵاوا.

---------------

زۆر دڵتەنک و خەمبارم کە یادی هەمو بیرەوەری و هەر دەکەم کە٦١ ساڵ بێ وچان بێ دابران ماندونەناسانە بوێرانە ئازایانە خەباتی دەکرد هەمیشە دروشمەکەی دەیوت بەکوڕی شەهیدان بە خاکی کوردستان هەتا بتوانم و خوین لە جەستەمدا بێت واز لە خەبات ناهینم. بێی هیچ مەبست و بەرژەوەندی خۆی کاتێک کۆچی کرد هیچ سەرمایەکی لە پاش بەجێی نەما جگە لە سەروەری خۆشەویستی پاکی کە مێژویەکی پاکی تومار کرد وجێگەی سەربەرزی غشت لایەکمانە سەد مخابن ئەوەی چاوەروانەکرا و بۆ لەم چەزنەدا هیچ کەسێک لە حزب و هەڤالەکانی ئەو حزبە نزیکەکانی لەم بونەیەدا نە سەردان منە بە تلفون بە سەریان نەکردینەوە کە جێگای دڵخوشکەرەی کشت لایەکمان بۆ چونکە بەهاتنتان روحی وجودی ئەومان. هاتەوە یاد کە هەتا زیندوە و چالاکە و لەناوتانە کاری خۆی دەکات بەداخەوە دوای چلەکەس بەسەری نەکردوینەتەوە ئەوەندە دەڵێم ئەوە وەفاو دڵسۆزی حزبیک بۆ کادرێکی دڵسۆزی ٦١ ساڵ خەبات بی وچان ئازیزەکەم بنو ئارام بە اتەی کولنەدەر. و میهرەبان بەخشندەکەم دڵسوزی خوێندکاران هەزاران خەونەکانت دیتە دی بە پشتی دڵسوزان.

رووناک رەسووڵ (Ruonak Rusuol)

٦ - ٦ - ٢٠٢٠

------------



سەرچاوە
Serchawe

## چۆمان ئەحمەد بۆ مەرگی خاتو عایشە دەڵێ:



### چیرۆکی خۆم لەگەڵ عایشەخان

ساڵی (٢٠٠٨) بوو وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی رۆیشتمە (رێکخراوی سایە) کە لە بینای (یەکێتی ژنانی کوردستان) دابوو ، لەگەڵ بەڕێز خاتوو (سەیوان رۆستەم ئەفراسیاب) بەڕێوەبەری رێکخراودا دەستبەکاربووم .

خۆم و هاوڕێیەکم کەسمان نە ئەناسی و زۆر کات بێزار ئەبووین، بەڵام لەوکاتەدا خاتونێکی خوێن شیرینی خاکی و قسەخۆشمان ناسی کە ڕۆژانە سەری لێ ئەداین و بە گفتوو گۆ خۆشەکانی سەرنجی ڕاکێشابووین، بەجۆرێک ڕۆژێک نەهاتایە خۆمان بەدایدا دەگەڕاین ، ئەویشە (عایشە ڕەسوڵ)ی ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتی ژنان بوو .

زۆر بەداخەوە کە ئەمشەو هەواڵی کۆچی دوایی (عایشە) خانم بیست، بەڕاستی دڵی تەزاندم و خەمباری کردم، چونکە خۆم دەمانم ئەم خاتوونە کێبوو، وە چ دڵ و دەرون و کەسایەتییەکی هەبوو.

ئەوەی وایکردبوو کاریگەری زۆری هەبێت لەسەرم و وەکو نمونەی باڵای خۆم سەیری بکەم شێوازی ئاینداری جوان و ئارامگری و بەهێزی کەسایەتییەکەی بوو.

لەڕووی ئایندارییەوە عاریفێک بوو کە کەس پێی نە ئەزانی، چونکە نەی ئەویست بۆ کەسی باس بکات و لەخەمی ئەوەدابوو لێی تێنەگەن، ئەو کە دەگەڕایەوە ماڵ زۆربەی کاتەکانی لەژوورەکەی خۆیدابووەو سەرقاڵی خودا پەرستی و قورئان خوێندن بووە، هەروەها کاتێکی زۆری شەوانیشی بەشەونوێژوو مانەوە بەتەنهایی لەگەڵ خودادا بەسەربردووە.

پاشان خاتونێکی زۆر ئارامگربوو، بەجۆرێک کاتێک دووچاری نەخۆشی (شێرپەنجەی مەمک) ببو، ئەوەی کەلێم ئەبیست تەنها سوپاسکردنی خوداو ئارامگرتن و سادەپیشاندانی نەخۆشییەکەی بوو، لەکاتێکیشدا مەمکێکیان بڕیبوویەوە بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە، تەنانەت جارێکیان دوای نەخۆشییەکەی کە شەوێکیان کەوتبوو و قۆڵی شکابوو، وتی پێم لەوکاتەدا ڕووم کردۆتە ئاسمان و وتوومە (چییە خودایە گیان ئەمجارەش خۆشت ویستم و بەم دیارییەت بەسەرت کردمەوە).

عایشەخان گیان خوای گەورە لێت خۆشبێت، بەڕاستی بەکۆچی دوایت دڵگرانت کردم.

تەوار (Tawar)

١٠ - ٦ - ٢٠١٩

---------------------------------------------- ----

## * هۆ ژنەکە....

**سازیان شەهید تاڵب...**

هۆ ئەستێرەکەی ئاسمانی ژن
وانەزانی بەکۆچت دەڕۆیت و ئیتر وون دەبیت و ناگەڕێیتەوە...
تۆ هەمو شەوێک
دەبیتەوە تەواروو لە سەر شانی ئەو ژنانە
ئەنیشیتەوە
کە هەنیسکی ڕۆژیان هەڵگرتوە بۆ
شەوان....
هۆ ژنەکە
تۆ هەموو ڕۆژێک
ئەبیتە ئاسمانی ساماڵ
بۆ ئەو منالانەی کە بێ نەوان...
هۆ شێرە ژنەکە
هۆ ئەستێرە پرشنگدارەکە
تۆ نەمردووی هەموو کاتێک لەلامانی
وا لەناو بیروو باوەڕی ڕێبازێکا
هەموو ڕۆژێک سەد جار هەڵەستیتەوەو ئەژیتەوە



...* پێشکەشە بە ڕۆحی ست ئایشە ڕەسوڵ ی کۆچ کردوو ژنێک لە میهروو دڵسۆزی ژنێک لە خەبات
ماندووی ڕۆژگار
ژنی سەردەم و زەمەنی خۆی...

تەوار (Tawar) ١٠ - ٦ - ٢٠١٩

ژیانەوە
Email: zhyanawa@yahoo.com
ژمارە (١٠٨٠) چوارشەممە ٢٠١٩/٦/١٩
10

## عایشە ڕەسووڵ

# ملوانكەیەك بە گەردنی نیشتیمانەوە....

**سازیان ئالب**

عایشە ڕەسوڵ، ناسراوە بە ژنە میهرەبان و دڵسۆزەکەی ناو یەکێتی ژنانی کوردستان، من وەک ڕۆژنامەنووسێک چەندین جار بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی داوام لە بەڕێزیان کردوە کە سەرگوزشتەی ژیانی ڕابردووی لە سەرەتای دەستپێکیەوە تا ئەمڕۆم بۆ باس بکات، بەڵام ئەو لە وەڵامدا دەیوت: بۆ من چیم کردوە کە شایەنی ئەوەبێت باسی بکەم. هەتا جارێکیان وتی کچی خۆم من منەت ناکەم بەسەر کەسدا بڵێم من کردم! هیچ کاتیش لێم نابیستیت ئەوەی کردومە تەنها بۆ خۆم بووەو ویژدانی خۆمم پێ ئاسوودە کردوە، لەبەر ئەوە هیچکات خەباتی من بۆ قسەی سەر ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن نەبووە. مادام ئێستا ئازادین و گەنجەکانمان ئەبینین بە ئازادی ئیتر ئەوەم بەسە.

لەژێر ڕووناکی ئەو وەڵامە جوان و پڕەی خاتوو عایشە من ئێستا جگە لە ئەزموونێکی گەورەی ئەو بۆ خەبات ڕێبازەکەی ئەویش بۆ ئەوەی بەردەوام هەوێنی ئیشکردنی بووە، . دەتوانم ئەوە بڵێم کە خاتوو عایشە بەڕاستی کچی ڕۆژگار و زەمەنی خۆی بووە، . دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی ئەو وەک ڕەمزێک لەناو سیاسەت وەک نمونەیەکی دیارو بەرچاوی ژن لەناو ڕێکخستنی ژناندا هەوێنێکی گەورە بۆ بۆ دەستگیری ژنان و کچان و هاتنە ناو کایەی سیاسیی مێینە لە زەمەنی خۆیدا، چونکە نمونەی عایشە وەک ژنە چالاک و نموونەی جوانی هاتنە مەیدان بووە، کە وایکردوە ژنانی دیکەش چاوی لێبکەن و پیاوانیش بەئاسایی وەریبگرن، ببنە ئەمرێکی واقیع بۆ زەمەن و ڕۆژگاری خۆیان. هاتنە مەیدانی عایشە و خوشکەکانی توانیان ڕێچکەیەکی گەورە بشکێنن لە ژیاندا و ببنە پردێک بۆ پەڕینەوەی سەدان ژنی تر و قوتابخانە بۆ ئەوانی دیکەش کە ئەوە بۆ گەلێکی وەک کورد شانازیە بە بەراورد لەگەڵ گەلانی ناوچەکانی دەوروپشت. ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین کە شانازیەک بەر باشوور کەوتووە ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی ژنانی باشوور بە بەراورد لەگەڵ ژنان لە ناوچەکانی دەوروپشت ئازادتر و ئازاترە، ئەوەشی بە بەڵگە سەلماندوە لە زەمەنی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لە بەشداریکردنەکانی لەناو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا، کە دووبارە نموونەی وەک ست عایشەی لێ بهرهەم هاتووە و ئەوانیش دووبارە بونەتەوە بە هەوێن بۆ ڕۆژگارو زەمەنی دوای خۆیان.



لێرەوە سەری ڕێزو وەفا و خۆشەویستی دائەنەوێنم بۆ ست عایشە و ژنانی ماندووی ڕۆژگارو خەبات کە بوونەتە ڕێچکەشکێن بۆ هاتنە مەیدانی نەوەکانی دوای خۆیان، نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ بەرهەمی خەبات و ماندوبونی ئەو تەوارانەیە، کە بە هەوڵ و ماندوبونیان بەرهەمیان هێنا، ئەوان دووئەوەندەی پیاوان بەرگەیان گرت، جارێک لەبەردەم زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس و جارێکیش لە بەرامبەر ئەو کولتوورەی کە پیاوی وەک هێزی یەکەم ناساندوە و زاڵیکردوە بەسەر مێینە. لەبەر ئەوە ژنان دەبوایە دووجار خەباتیان بکردایە جارێک لەبەر ژنبوون جارێکی دیکە لەبەر کوردبوون، کەواتە ژن مافی خۆیەتی کە لە دەسکەوتەکاندا پشکی هەبێت و بواری پێبدرێت بێتە پێشەوە وو یارمەتی بدرێت، کە دووبارە ست عایشەو خوشکەکانی خەباتیان بۆ هاتنە پێشەوەی ژن کردوە لەناو تەواوی کایەکاندا و ئێستاش کاتی ئەو دابەشکردنەیە، دەبێت ژن و خەبات و توانای لەبەر چاو بگیرێت، ئەوەش بێگومان خێری پێناکرێت بگرە مافی خۆیەتی. ئەوەتا سەدان ژنی بەتوانای وەک ست عایشە ماندونەناسانە خەباتیان بۆ کردووە لە بەرامبەریشدا ئامادە نەبوون ناویان بهێنرێت وەک قارەمان، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەوە ئەرک و خەبات بووە نەک شتێکی دیکە.

دووبارە سەری ڕیز بۆ تۆ دائەنەوێنم هەیشە مرواریەکی درەوشاوەی بە گەردنی نیشتیمانەوە.



# ژیانەوە 22 ساڵی تەمەنی تێپەڕاند

ژن.. خەبات.. ژیان

ژیانەوە

**سوپاس و پێزانین**

بەناوی یەکێتی ژنانی کوردستانەوە، سوپاسی بێ پایانمان بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانە هەیە کە بەشداری پرسەی کۆچکردو خاتو عایشە رەسوڵ ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستانیان کردوە، هەروەک سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە بەنامە و بروسکە سەرخۆشیانکردووەو هەموو ئەوانەش کە بەشداری مەراسیمی بەخاک سپاردنی تەرمی پیرۆزیان کردوە، هیوادارین هەرگیز ناخۆشی نەیەتە ڕێگەیان.

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵایەتی و روناکبیریی تایبەتە، یەکێتی ژنانی کوردستان دوو هەفتە جارێک دەریدەکات
ژمارە (٨٠١) چوارشەممە ٢٠١٩/٦/١٩

## ساڵێکی تری تێپەڕاند

**کاوان ئەبوبەکر**

ئەمرۆ ١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٩ ئەم رۆژنامەیە ساڵێکی تر تێدەپەڕێنێتو پێدەنێتە نێو ساڵێکی نوێی تەمەنییەوە، ئەمرۆ ژیانەوە (٢٢) ساڵی ڕێکە دەردەچێتو بەردەوامیشەو توانیوییەتی (٨٠١) ژمارەی دەربکات.

ڕاستە لەئێستادا بڵاوکراوەی کاغەز بەتایبەت (رۆژنامەو گۆڤار) نەک لەهەرێمی کوردستان بگرە لەهەموو جیهاندا خوێنەری کەمبۆتەوەو بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام ناتوانین بڵێین نەماوە یان بەهای خۆی لەدەستداوە، چونکە رۆژنامەو گۆڤار جگە لەوەی گەنجینەیەکی بەنرخی ئەرشیفو مێژووە، هاوکات کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەو شارستانییەت هەیە.

ژیانەوە لەماوەی تەمەنیدا مێژوویەکی پرشنگداری هەیەو بەشێک بووە لەو کاریگەرییانەی لەپێشکەوتنی مرۆڤایەتیو هۆشیار کردنەوەی ژنانو کۆمەڵگە هەیبووە، بەوەشەوە نەوەستاوە هەمیشە لەسەرجەم سێکتەرەکاندا قسەی جدیو پێشنیارو چارەسەریشی هەبووە.

مێژووی ژیانەوە پڕە لەگوزەری هەڵدێرو بەرگریو دڵنیەخۆدا گرتنو هەرگیزیش نەیهێشتووە هەژموونی هیچ کەسو لایەنێکی بەسەردا بسەپێ، لەکاتی قەیرانەکانیشدا هەمیشە خۆراگر بووە، ڕاستە لە هەفتانەوە بوو بە هەفتە نا هەفتەیەک، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەردەوامە بووەو بەردەوامیش دەبێت.

جێی شانازییە ئەم رۆژنامەیە چەندین رۆژنامەنووسی ژنو پیاوی پێگەیاندووەو کاریان تیا کردووە کە ئێستا بەشێک لەو رۆژنامەنوسانە لەدەزگاو شوێنە میدیاییەکانی تردا رۆڵی بەرچاویان هەیە، هەروەک جێی شانازییە ئەم رۆژنامەیە قوتابخانەیەکی پێگەیەنەر بووە بۆ خولە پراکتیییەکانی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکانو سەرچاوەی گرنگی توێژینەوەکانی دەرچوونی خوێندکاران بووە، بە خوێندنی بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆراشەوە.

ئێمە تا ئێستا بەستاقێکی کەمو لەخۆ بردووەوە بەردەوامین، هەمیشە لەخزمەتی خوێنەرەکانماندا دەبینو هەموو ڕەخنەو پێشنیارەکان بەهەند وەردەگرین، وەک چۆن لەڕابردوودا بەهەند وەرمانگرتوونو سودمان لێبینیون.

سوپاس بۆ هەموو خەمخۆرانی ئەم رۆژنامەیە، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کاری تیادەکەنو کاریان تیا کردووە، سوپاس بۆ خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە کە هاندەرێکی جدین بۆ بەردەوامیمان، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بەردەوامی دەدەن بەم رۆژنامەیە.

## ماڵئاوا

**بروسکەی ئەنجومەنی باڵای خانمان بۆ کۆچی دوایی عایشە رەسوڵ**

زۆر بەڕێز خاتوو کافیە سلێمان، سکرتێری یەکێتی ژنانی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان

بەداخێکی گرانەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، بەڕێز عایشە رەسوڵمان بیست، لەدەستدانی ئەو خانمە تێکۆشەرە خەسارەتە بۆ گشت بزوتنەوەی ژنان، دڵنیاین تێکۆشەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان کە هەمیشە لە پێناو مافە رەواکانی ئافرەتاندا شێلگیرانە خەباتیان کردووە و رووبەڕووی گەلێک سەختی بونەتەوە ئەم کۆستە تێدەپەڕێنن و کەلێنی لەدەستدانی عایشە خان پڕ دەکەنەوە.

هاوبەشی خەمتانین، هیوای سەلامەتیتان بۆ دەخوازین

پەخشان زەنگەنە

ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

**بەڕێزان / سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان**

**بروسکەی ماتەمینی**

بەناوی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئافرەتانی کوردستان پرسەو سەرەخۆشی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو (عایشە رەسوڵ) ئەندامی سکرتاریەتان، زۆر بەداخەوە بۆ ئەو شێرەژنە مێژوویەکی دور و درێژی هەبوە لە خەبات و تێکۆشان بۆ دۆزی ئافرەتان، داواکارین لەخوای گەورە لێی خۆش بێت بە بەهەشتی شاد بکاتو سەبوری ئازیزان و هاورێ و دۆستانی بدات.

اناالله و انا الیه راجعون

ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئافرەتانی کوردستان

**(کل نفس ذائقة الموت)**

**بەڕێز / سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان**

بروسکەی ماتەمینی

بەناوی مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتوی خوشکانەوە، پرسەو سەرەخۆشی خۆمانتان ئاراستە دەکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو (عایشە رەسوڵ) ئەندامی سکرتاریەتتان، داواکارین لەخوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و سەبوری بەهەموو هاورێیان و دۆستانو خزمانی بدات و دوا ناخۆشیتان بێت.

اناالله واناالیه راجعون

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان

## یەکێتی ژنانی کوردستان بەشداری کۆنگرەیەك لەرۆژئاوای کوردستان دەکات

**ڤینێ محەمەد، رۆژئاوای کوردستان**

بەمەبەستی دروستکردنی چەترێک بۆ ژنانی هەموو لایەنە جیاوازەکانی رۆژهەڵات و باکوری سوریا، یەکێتی ژنانی کوردستان بەشداری کۆنگرەی (مەجلیسی ژنانی رۆژهەڵاتو باکوری سوریا) لەشاری عامودا دەکات.

بەئامادەبوونی نوێنەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان و شاندی ژنانی باشوور و چەندین حزب و لایەنی رۆژئاوای کوردستان و رۆژهەڵات و باکوری سوریا و نوێنەری چەند ڕێکخراوێکی ئەورووپی، کۆنگرەی (مەجلیسی ژنانی رۆژهەڵات و باکوری سوریا) لە شاری عامودای رۆژئاوای کوردستان بەڕێوەچوو.

ئامانج لەکۆنگرەکە دروستکردنی چەترێک بوو بۆ ژنانی هەموو لایەنە جیاوازەکانی رۆژهەڵات و باکوری سوریا، کە بە یەکدەنگی و یەکڕەنگی لە ڕێگەی ئەو مەجلیسەوە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بکەن و کاریگەرییان هەبێت لە گۆڕانکارییەکان بۆ سوریای نوێ.

خاتوو ئەڤین سوێد بەرپرسی کۆنگرەی ستار و ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە، بۆ ژیانەوە وتی: «خەباتی ژنان لەڕۆژئاوای کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە، ئەو کارانەی ئەنجامدران لەدوای دروستبوونی کۆنگرەی ستار لە دە ساڵی پێش ئێستا، چەندین ژنی چالاکوانی لە رۆژئاوا دروست کرد، جیا لەوەش چەندین ژن لەناو پارتە سیاسییەکاندا کار و خەبات دەکەن و چەندین ژنی سەربەخۆش هەن کە کار بۆ پرسەکانی ژنان دەکەن».

وتیشی: «ئێمە وەکوو کۆنگرەی ستار بیرمانکردەوە کە لە ئێستادا بەم جیا جیاییە کار دەکەین و جیاوازین لەیەکتر، کاتی ئەوەیە بە یەکڕەنگی کارەکانمان بکەین. پێویستە پەیوەندییەکی ڕێکخراو هەبێت لەنێوان هەموو ئەو ژنانەی کە خەبات دەکەن لەڕۆژئاوا، بۆیە وەکوو کۆنگرەی ستار ئەو پێشنیارەمان بۆ هەموو لایەنەکان کرد، کە مەجلیسێک دروست بکەین بۆ هەموو ژنانی باکورو رۆژهەڵاتی سوریا، تاوەکوو ئێمەش وەک ژنان کاریگەری و پرۆگرامان هەبێت بۆ سوریای نوێ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە هەموو لایەنەکانی حکومەتدا ڕوودەدەن».

zhyanawa
No. (801) wednesday 19-6-2019
A weekly Social and Cultural Newspaper Released by Womens Union of Kurdistan Zhnan
www.zhyanawe.com



# هەڵکشانی ڕۆحێك بە باڵای نەمریدا

کە دەڵێن ئەستێرەیەک کشا ئەوە ڕۆحی کەسێک بەرەو ئاسمانی نەمری دەڕوات، کە چاو بفڕێ ئەڵێن ئازیزێ سەفەری ئەبەدی دەکات، کە دڵێک خێرا لێبدات ئەڵێن دڵێک ژیانی دەبەخشێت بە مەملەکەتی ڕۆحەکان، کە لێوێک بلەرزێ دەڵێن لێوێک دواماچی ماڵئاوایی دەکات، ئەو شەوە هەموو شت ڕوویدا، چونکە ژنێ دەیویست بڕواتو بگات بە وێستگەی نەمری، ئەو شەوە هەموو شت بوو، چونکە ژنێ لە چەشنی میهرەبانی بە بێدەنگی دەیویست سەفەرێکی دوورو درێژ بکات و هەر بە میهرەبانیشەوە تەوێڵی نیشتمان ماچ بکات و دەستی تریفەی مانگ بگرێتو بڕوات، ئەو شەوە پێکەنین دەگریا، بۆ ئەو لێوانەی ژنێ کە هەرگیز توڕەبوونی نەناسی، ئەو شەوە هەرچی سۆز هەبوو پرچی ڕنییەوە بۆ سۆز و خۆشەویستی ژنێ، کە لە هەناویدا ڕقی هەڵنەگرتبوو، ئاخر خانم تۆ باڵات بە باڵای میهرەبانیدا کێشابوو، نیگات لە سروتە جوانەکانی نیشتیمانەوە وەرگرتبوو، عەشقت لە ڕوخساری ژن و دەستەکانت لە گەوهەری خۆشەویستی و زمانت لە بێدەنگی پەروانەو دڵت لە هێمنی دەریاکانەوە، هەر بۆیەش هێمنیو عەشقو وەفاو قەدرزانی بە باڵاتا هەڵکشابوو، هەربۆیەش ئەو شەوە هەموو تەوارەکانی نیشتمان بە ویقارەوە لەگەڵت بوون تا بتگەیەننە یەکەم وێستگەی نەمریی، ماڵئاوا عەزیزم.

# بوون بە خود مەحاڵە

لەیلا محەمەد

بەرگەگرتن لەم مەملەکەتە بە ڕادەیەک سەخت بووە، کە زۆربەی ژنان ناتوانن ببن بە خۆیان، بوون بە خود بەڕادەیەک مەحاڵ بووە، لە خەونیشدا کە دەیبینین، ناتوانین باوەڕ بهێنین، هەمیشە «ئەو»ێک لە وجودی ئێمەدا دەژی، لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەماندا، پێویستە ئەو بین، بۆ؟ دەبێت ڕازی بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە فەلسەفەی خودمان تاقی نەکردۆتەوە، چێژی خودبوونمان درک نەکردووە. ئاشکرایە مرۆڤ کە هەوڵبدات خۆی بێت هەمیشە لەلایەن «ئەو»ەوە تووشی ڕووبەڕووبونەوە دەبێت، ئەو کێیە؟ کۆمەڵگەیەک کە هەرگیز تۆی وەکوو خۆی ناوێت، بەڵکوو دەیەوێت کۆپی خۆی بیت، لە بیرکردنەوە و گوفتار و کردار. خانمان کردەوەیان دووره لەوەی کە خۆیان دەیانەوێت، نایانەوێت ببنە کاڵا بەڵام قبوڵی دەکەن، بۆ کەسێک دەگرین وەک خۆیان قبوڵیان بکات، بەڵام ئەڕۆن بە چەندەها دۆلار لە سەنتەرەکانی جوانکاری خەرج دەکەن. کە تۆ خۆت قبووڵ نییە چۆن چاوەڕێی کەسێک ئەکەی تەواوی بوونتی قبوڵ بێت؟ کاتێک هەمیشە لە هەوڵی ڕازیکردنی ئەودایت، کاتێک هەمیشە نمایشی «ئەو» بوون دەکەیت، چۆن تۆی وەکو خۆت قبوڵ بێت؟ بێگومان ئەم ڕەوشە لە قازانجی «ئەو»ە. ئێمە بەمجۆرە ناتوانین خۆمان بین، خۆبوون ڕازیکردنی ئەو نییە، بەڵکوو قبوڵکردنی خودی خۆتە. هەمیشە ئەمانەوێت لە کەسانی تر بچین لێوەکانمان هەمووی لە یەکچوونیان تێدا ئەبێت لوت و برۆکان، بەمجۆرە ج جیاوازییەکمان ئەبینرێت. ئەمە بوێریی نییە ئەوپەڕی ترسنۆکیە. چۆن لە ئەو ئەچین؟ پێویستە، دۆخی ئێستای ئەو بەر ڕەخنە بدەین، ڕەخنە هەمەلایەنەکان، کە کەموکورییەکانی ئێستای ئەو ڕەت دەکاتەوە، ئێستایەک لە گۆڕ دەنێت کە بووە بە بەڵای سەری خۆی و ئێمە. پێویستە تێی بگەیەنین، کە هەبوونی ئێستای ئەو کێشەیەکە، کێشەیەک بۆ ئێمە و ئەو و ئەوان و هەموومان. ئەم پرۆسەیە دوای ئەوە دێت کە ژیانی ئێستای خۆمان ڕەخنە دەکەین و سیستمێکی تەندرووست بۆ خۆمان بونیاد دەنێین. پێش ئەو، پێویستە خۆمان ڕەخنە بکەین و کەموکورییەکانی خۆمان دیاری بکەین. چی بکەین؟ گەر ئێمە بیر کردنەوە و سیستمێکی تەندروستی تایبەت بە خۆمان نەبێت، چۆن ڕەخنە لە ئەو بگرین؟ ئەسڵەن ڕەنگە ئەو لە سەر هەق بێت کاتێک ئێمە خاوەن سیستمێکی تایبەت بەخۆمان نین، کە ئێمە خاوەن سیستمی تایبەت بە خۆمان بین و بیرکردنەوەیەکی تۆکمە لە هەگبەماندا بێت، هەرگیز شتێک بوونی نامێنێت بەناوی«ئەو»، هەمووی دەبێت بە ئێمە. هەموان دەبن بە کۆپی ئێمە، ئەمە پۆزەتیڤە، گەر ئێمە خاوەن فکرێکی تەندروست بین و ئەو کۆپی ئێمە بێت. ڕەهەندەکانی ژیانی ئێمە هەمیشە چەواشە کراوە، هەم مێژوومان، ناومان، هێزمان، کردەوە و چالاکییەکانمان، پێویستە نیشانیان بدەین، ئەوکات هەرگیز خۆڕاگر نابن لە بەرامبەر ئەو ڕەگەزدانەی ئێمە کە چەواشە کراون. ئەوان مێژووی ئێمە نازانن، یان دەیزانن و دەیشارنەوە. شتێک ئەوان لێی دڵنیان ئەوەیە کە «ئێمە مێژووی خۆمان نازانین»، با نیشانیان بدەین کە ئێمە ئاگاداری مێژووی خۆمانین، با ئاگاداریان بکەین کە ئێمە خاوەن چالاکی و کاردانەوەی ڕادیکاڵین، با نیشانیان بدەین کە ئێمە خاوەن هێز و بازووین و گەر بمانەوێت بە تەنها هەرچییەک بمانەوێت بەڕێوەی دەبەین. ئەم ڕەوشەی ئێستامان پێویستی بە ئەڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵە، کە بەتوندی ئێستامان ڕەت بکەینەوە و داهاتوویەک بونیاد بنێین لە بەرژەوەندی ژنان. بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستە سەرەتا ژنان ئاگادار بکرێنەوە لە مێژوو و هێز و بازوویان، دواتر لە سەر بنەمای فکرێکی تەندروست و تۆکمە پەروەردە بکرێن، لە ئەنجامدا چالاکی پۆزەتیڤ دێتە ئاراوە و ئێمەیش دەبین بە خاوەن پێگە و قورسایی خۆمان لە کۆمەڵگەدا.



سەرچاوە
Serchawe

ژیانەوە


9

# ژنێک لە ترۆپکی ئاو

سازیان ئالب

هۆ قاتمەکەم
هۆ ئەستێرەکەی ئاسمانی ژن
وانەرانی بە کۆچت نەڕۆیت و ئیتر ون دەبیت
ناگەڕێیتەوە..
تۆ هەموو شەوێک دەبیتە تەوار و
لەسەر شانی ئەو ژنانە دەنیشیتەوە
کە هەنسک و گریانی
ڕۆژیان هەڵگرتووە بۆ
شەوان..
هۆ.. دایکە میهرەبانەکە..
تۆ ئەبیتەوە بە ئاسمانی ساماڵ
بۆ منداڵانی بێتەوا
بۆ دەستە ماندووەکانی ژنانی سەر شەقام
ئەو وەختەی
بە شەقامێکا گوزەر دەکەیت و
دائەنەویتەوە بۆ عەلاکەی دەستی ئەو ژنانەی
کە
هەزاری ناچار بە ئیشی کردون و
ئومێد ئەبەخشیت..
بەهێواشی پێیان دەڵێیت بەردەوام بن
ژیان یانی بەربەرەکانی
هۆ شێرە ژنەکەی ناو ڕێکخستنە نهێنیەکانی شار
ئێستاش
هەر لەناو شانەیەکی نهێنیدا بە زیندوویی
لە گەرمەی بەخشینەوەی بەیاننامەی ئیرادایت و
ئەرێکیت چۆن ژنە نووستووەکانی ناو ژیانی تاریک و لەنگ بە ئاگا دێنی..
وەرەو لێرە سروەتێک بدە..
تۆ نەمردویت و وا لەناومانای
ئەوەتا لەناو ڕێبازێکدا زیندویت و قسە دەکەیت
ماویت و بڕیار ئەدەیت..
وەرە دووبارە پەردەی تاریکی لادەدەین و
هێشتا بەرنامەکەت زۆری تری ماوە
ڕێبازەکەت هێندە دوورە
تۆ وەرەو بە فریای ئەم ژنکوژیە بکەوین
وەرە پێکەوە هاوسەنگی بدەین بە تەرازووی لاسەنگی ژن
یا ژن بکەینەوە بە تەوارە بڵندەکەی ڕزگاری لوی..
پێکەوە هەوری ڕەشی
قەتماغە بەستوی کولتووری سونەتپەرستی
لەسەر ماڵی مێینەی ژن لابدەین
وەرە با هەر چوار وەرزەکەی ژن بکەین بە بەهار و
لە مێینەرەکانەوە بانگی ئازادی بدەین..




بۆ ....
مەرگی عائیشە پیشکەش :::
نانا مەباری هێندەزویرمان مەکەوماندو
دەستی قەدەری خەم بانەبین
نانا مەبارێ
هێشتا ڕوباری ماوە پێیدا بڕۆین
هێشتا ئاسمان ماوە ساماڵ بێت
بۆ دەڕۆیت بۆ
چ وادەی گەشتە خاڵوون
چ وادەی سەفەرە
ئاخر..... کێ بڕوا بە ونبونی ئە ستێرەو
ڕۆیشتنی خۆرو مانگ دەکات کێ
لەبەردەم میهرەبانی تۆدا خۆی بۆ ڕادە
گرێت تاسەرت بۆ دانەوێنی دەست نەها
خاتە سەر سینەی بۆت
شەیدا مەعروف

**بەشێک لە وێنەکانی ڕێورەسمی بەخاکسپاردن خاتوو (عایشە رە سوڵ) ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان ژنە تێکۆشەرو خەباتگێری کوردو ژنان ماڵئاوای لە ژیان کرد فۆتۆ: تریفە حسن**





















## بەشێک لە وێنەکانی ڕێورەسمی چلەی

**(عایشە رە سوڵ ) ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، ژنە تێکۆشەرو خەباتگیری کوردو ژنان**

**١٦ای جوولای ٢٠١٩**

















## عایشە خان

مرۆڤێکی سادە ڕاستگۆ بەوەفا خاوەن هەڵۆست خۆبەخش خۆبەختکەر تا ژیا ئەوەی هەیبوو لەگەڵ هەژارانادابەشی ئەکرد،بەمەعاشە کەمەکەی کەفەرمانبەر بوو چەندەها قوتابی پێگەیاند لە ساڵی ١٩٦٠وە لەکۆڕی خەباتا بوە لەشاروشاخ کۆڵنەدەرنەسرەوت تا ڕۆژێک بەر لە مردنی لە دواین کۆبونەوە دوا نەکەوتووە پاک بێخەش بەخشندە دڵ پاک دڵ ساف نمونەی کادێری بەوەفای یەکێتیێ و ڕێبازی کوردایەتی بوو.تاکە سەرمایە کە لەپاش خۆی جێ ما قورئانێکی پیرۆز بوو.